**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ١٣١٣ لە ٢٠٢١/٢/١٦**

## ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢١

## تایبەت بە هاندانی فەرمانبەران و کۆکردنەوەی باج و داهاتی گشتی

ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٦) لە ٢٠٢١/٢/١ وە پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٤١٦) لە ٢٠٢٠/٩/٩ بریار درا بە :-

١- ریـژەی (١%) لە داهاتی زیادی بەدەست هاتوو لە پلانی ساڵانەی دیاری کراو بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی سەر بە (بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری) وە پلانەکە پەسەند دەکرێت لەلایەن وەزارەتی دارایی وئابووری .

٢- خەرج کردنی ئەم ریژەیە ساڵی یەک جار دەبێت .

٣- ریـژەی (١٠%) لە ریـژەی (١%)ی بەرێوەبەرایەتیەکان و تێبینەرایەتیەکان بۆ فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری دەبێت بەمەرجێک پشکی هیچ بەرێوەبەرێک و فەرمانبەرێکی بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری زیاتر نەبێت لەبەرزترین ئاستی بەرێوەبەر و فەرمانبەری بەرێوەبەرایەتیە لاوەکییەکان .

٤- خەرج کردنی شایستەکان بەپێی رۆژانی کارکردنی فەرمانبەر دەبێت لەماوەی ساڵێکدا ئەگەر لە (٣٦) رۆژ زیاتر مۆڵەتی هەبێت ئەوا ئەو رۆژانەی زیاتر لەو ماوەیە بەپێی رۆژ شایستەکە دادەشکێنرێت .

٥- پشکەکان و بڕی پارەی دیاریکراو دەبێت لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری بەرز بکرێتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری بەرێوەبەرایەتی خەرجییەکان بەمەبەستی رەزامەندی وەرگرتن لەسەر خەرجکردنی بڕی پارەی دیاری کراو .

٦- دابەشکردنی شایستەکان بەپێی خاڵ بەندی دەبێت بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە :-

| پلە | خاڵ | پلە | خاڵ |
|---|---|---|---|
| بەرێوەبەری گشتی | ١٠ خاڵ | خەمڵێنەر – ووردبین – بەرپرسی هۆبە | ٥ خاڵ |
| یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی | ٩ خاڵ | فەرمانبەر | ٣ خاڵ |
| بەرێوەبەر | ٨ خاڵ | کارگوزار | ٢ خاڵ |
| یاریدەدەری بەرێوەبەر | ٧ خاڵ | | |

٧- ئەم رێنماییە بۆ ساڵانی ٢٠١٩ – ٢٠٢٠ خەرج دەکرێت بەپێی پلانی ساڵانەیان .

٨- ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**